خولی ئیتاڵیا.. ئینتەر دەربی لە یوڤی بردەوە

لە خولی ئیتاڵیا و لە یارییەکی بەهێزدا ئینتەر میلان بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە یەڤانتەسی بردەوە.

لە یاریی لوتکەی هەفتەی 25ی خولی ئیتاڵیا، یانەی ئینتەر میلان لە یاریگای خەیدا میوانداری یەڤانتەسی کرد.

تایمی یەکەم، هەردوولا بە بەهێزی دەستیان پێکرد، بەڵام لە خولەکی 17 کامبیاسە بە هەڵە گۆڵێکی لەخێیان تەمارکرد و بووە هۆی پێشکەوتنی ئینتەر.

بەڵام لە خولەکی 26 کامبیاسە تووشی هەڵەکی کردەوە و گۆڵی یەکسانبوونی بە یوڤی تەمارکرد، لەگەڵ ئەوەشدا یوڤی تووشی نەهامەتی هاتوو لە خولەکی 42 کالولو بە کارتی سور کرایە دەرەوەی یاریگا، نیوەی یەکەمیش بە یەکسانبوون کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 76 ئیسپەزیتە ئینتەری پەشخستەوە، بەڵام لەکاتێکی هەشت خولەک دواتر دووبارە ئەنجامەکەی بە یوفی یەکسانکردەوە.

ئینتەر پشتبەست بە کەمی یاریزانەکانی خانەی پیرەکە هەر باڵادەستبوو، بەمەش زیلینسکی لە

کۆتا خولەک گۆڵی بردنەوەی بە تەمارکردن.

سەرەنجام یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە سودی ئینتەر میلان کۆتاییهات و بەم ئەنجامە بە کەکردنەوەی 61 خاڵ پێشەنگی بەهەزتر کرد، یوڤیش پلەی چوارەم.